# چیرۆکی ئەو ئافرەتەی لە پێناو بەهەشتی منداڵەکانی ساڵانێک لە دۆزەخ ژیا

**زۆرن ئەو کچانەی کە خوێندنیان لە بوارێکدا تەواو کردووە و بوونەتە خاوەن بڕوانامە، بەڵام دواتر لەلایەن خانەوادەکەی خۆیان، یان هاوسەریان ڕێگری لە دامەزران و کارکردنیان کراوە. ئەم دیاردەیە لە وڵاتانی نەریتی (بە کوردستانیشەوە) زۆر باوە و بە یەکێك لە کۆسپە سەرەکییەکانی بەردەم سەربەخۆیی ئابووریی ئافرەتان دادەنرێت. یەکێك لەو خانمانەش کە هەمان چارەنووسی هەبووە، باسی ئاریشەکانی ژیانی خۆی بۆ گۆڤاری گوڵان دەکات.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

ئافرەتێکی تەمەن ٤١ ساڵەی باڵا مامناوەندە و خۆی بە چیمەن دەناسێنێت. وەك خۆی باسی دەکات، دەرچووی ئامادەیی پەرستارییە و بە هۆی نەریتی کۆمەڵگە و ڕێگریی بنەماڵەکەی دانەمەزراوە و وەکو ئافرەتی ماڵەوە درێژەی بە ژیان داوە. دووانەیەکی کچی ١٢ ساڵانی هەیە، لە ئێستادا لە یەکێك لە نەخۆشخانە ئەهلییەکان کار دەکات. چیمەن بەمجۆرە باسی بەسەرهاتی خۆی دەکات: «من دەرچووی ئامادەیی پەرستارییم، بەڵام بە هۆی نەریتی کۆمەڵگە، باوکم و براکانم نەیانهێشت دابمەزرێم و لە نەخۆشخانەیەك کار بکەم. کە مێردیشم کرد، ئەویش ڕازی نەبوو لە نەخۆشخانە کار بکەم. بۆیە هەمیشە هەستم دەکرد، ماندووبوونم بەفیڕۆ چووە و بڕوانامەکەم سووتاوە. کاتێکیش هاوسەرگیریم کرد، سەرەتا وامدەزانی هاوسەرەکەم باشترین و پاکترین پیاوی سەر ئەرزیە، زۆرم خۆش دەویست و زۆر گوێڕایەڵی بووم. هەرچی ئەو بیگوتبا و بیویستبا نەمدەگوت نا، بەڵام وردە وردە خراپەکانی بە دەردەکەوتن، کە درکم بەوە کرد، کار لە کار ترازا بوو، من بە دووانەکەم دووگیان بووم، ئیدی خۆشی و ترشی لەگەڵی ژیام، تا کچەکانم گەورە بوون و بەپێ دەڕۆیشتن، بەڵام هاوسەرەکەم ڕۆژ دوای ڕۆژ خراپتر دەبوو. زۆری بێ ڕێزی پێ دەکردم، ڕۆژانە بەشم جنێو و سووکایەتی و لێدان بوو، ناچار لای براکانم سکاڵام کرد، چونکە ئەوکات باوکم لە ژیاندا نەمابوو، داوام کرد جیا ببمەوە، براکانم زۆریان پێ باش بوو، لەو پیاوە خراپە جیا ببمەوە، بەڵام مەرجی ئەوەیان هەبوو کە نابێت منداڵەکانم بەخێو بکەم، زۆر هەوڵمدا بەڵام ئەوان ڕێگەیان نەدام، گوتیان تۆ جوان و جاحێلی و قسەی خەڵك ڕەحم بە کەس ناکات، بێوەژنی بەو تەمەنەوە زۆر زەحمەتە، منیش بیرم کردەوە، ئەگەر کچەکانم بدەم بە باوکێکی ئاوا کە هەرگیز نەیزانیوە بەرپرسیارێتی و پارێزگاریکردن لە ژن و منداڵ چییە، ئەوا تا دەمرم، ویژدانم ئاسوودە نابێت و دڵم هەر لەلایان دەبێت، بۆیە بەو پەڕی بەرپرسیارێتی بڕیارم دا، ئەوەندە تەمەنەی ماومە، بیکەمە قوربانی بۆ کچەکانم و حیسابی مردوویەکم بۆ هاوسەرەکەم کرد، ئەگەرچی تائێستاش هەر خۆشم دەوێت، بۆیە جارێکی دیکە بیرم لە تەڵاق و جیابوونەوە نەکردەوە، هاوسەرەکەشم ئیستیغلالی وەزعەکەی کرد و زانی هەرچی بکات، من لێی جیانابمەوە، ئەوەی خراپ بوو بەرامبەر بە من دەیکرد، سووکایەتی و بێڕێزی وای پێکردووم لە رووم نایەت بۆتان بگێڕمەوە، قسەی وای پێ دەگوتم، بە یەك گوللە هەبوو، خوا لێم هەڵناگرێت بۆ منداڵەکان بەو ڕاددەیە خراپ نەبوو، منیش لەبەر چاوی منداڵەکانم، چاوم هیچ کەسێکی

**دەرچووی ئامادەیی پەرستارییم، بەڵام بە هۆی نەریتی کۆمەڵگە، باوکم و براکانم نەیانهێشت دابمەزرێم و لە نەخۆشخانەیەک کار بکەم**

**پێویستە حکومەت پارەی سۆسیال بدات بەو ئافرەتانەی کە لەو دۆخەدان و هیچ کارێکیان نییە ئەوە چارەسەری بنەڕەتی دەکات و ژنانی قوربانی لە جیابوونەوە لە مێردەکانیان ناترسن**



نەدەدیت و بۆ ئەوان دەژیام. بەڵام لەبەر ئەوەی هیچ داهاتێکم نەبوو وەزعی مەعیشەتمان زۆر خراپ بوو، کە داوای پارەم لە هاوسەرەکەم دەکرد، دەیگوت بڕۆ لە برا فڵانەکانت داوای پارە بکە، منداڵەکانم بە کۆنە جلی خەڵك گەورە کرد، دواجار دەستم دایە خەیاتی و شەو و ڕۆژم خستە سەر یەك تا ژیانێکی شەرەفمەندانەم بۆ خۆم و منداڵەکانم دروست کرد، ساڵانێك تێپەڕین و هاوسەرەکەم لە پڕ دیار نەما. لە نەخۆشخانە و بەندیخانەکانیش گەڕاین، نەماندۆزییەوە، بە حوکمی ئەوەی پەیوەندی سۆزداری لەگەڵ ژنان زۆر بوو دواجار گوتیان هاوسەرەکەم بە تۆمەتی ماددەی هۆشبەر لە هەولێر گیراوە و بە ١٥ ساڵ زیندانی حوکم دراوە. دوای دەستبەسەرکردن و حوکمدانی هاوسەرەکەم، ڕۆژێك براگەورەکەم هات و پارێزەرێکی لەگەڵدا بوو، پێی گوتم: تا ئێستا لەبەر خاتری منداڵەکان لە ڕەفتارە ناشیرینەکانی ئەو پیاوە بێدەنگ بووین، بەڵام بە هیچ شێوەیەك قبووڵ ناکەین، دوای ئەو هەموو بێ ڕێزییەی بۆ تۆی کرد، بچیتە بەر دەرگای زیندانەکان، ئیدی لێی جیابوومەوە، تەنانەت لەبەر باری دەروونی منداڵەکان گوتوومە باوکتان سەفەری کردووە و نەمگوتووە لە زیندانە، ئێستاش ئەو ڕۆژانە تەواو بوون کە باجی کۆمەڵگە و کەسوکار و هاوسەری خراپ بدەم، ئێستا بۆخۆم و منداڵەکانم دەژیم و جگە لە دروومان، لە نەخۆشخانەیەکی ئەهلیش کاردەکەم و شوکر خۆم و هەردوو کچی دووانەم کە ئێستا تەمەنیان ١٢ ساڵە، جگە لە خوای گەورە موحتاجی کەس نین.

کۆمەڵناس هێمن عومەر لەرووی کۆمەڵایەتییەوە پەنجە دەخاتە سەر برینە سارێژنەبووەکانی قوربانیانی توندوتیژی و نەریتی کۆمەڵگە و دەڵێت:

ئەو چیرۆکە خاڵی کۆتایی خۆی گرتووە و ئیرادەی ئەو ئافرەتە سەرکەوتووە بەسەر ناخۆشیەکانداو دواجار بووەتە خاوەنی ژیانی ڕاستەقینەی خۆی، گرنگە هەموو ئافرەتێك کۆڵ نەدات و تەسلیم بە ژیانی ناخۆش نەبێت، کۆمەڵگای ئێمە پیاو سالاری تیادا ماوەو هەرکات یەکسانی جێندەری دروست بوو ئافرەتانیش کەمتر دەچەوسێنەوە، هاوسەری ئەو ئافرەتەش شیاوی ئەوە نەبووە بچێتە ژیانی هاوسەریەتییەوە، چونکە هاوسەریەتی بەرپرسیاریەتییە، کە نەتوانی جێبەجێی بکەی شایەنی ژیانی هاوسەری نابی، چارەنوسیشی هەر ئەوە دەبێت کە ئێستا لە زیندانە. شتێکی دیکە گرنگە پێویستە حکومەت پارەی سۆسیال بدات بەو ئافرەتانەی کە لەو دۆخەدان و هیچ کارێکیان نییە ئەوە چارەسەری بنەڕەتی دەکات و ژنانی قوربانی لە جیابوونەوە لە مێردەکانیان ناترسن.

**هاوسەرەکەم ڕۆژ دوای ڕۆژ خراپتر دەبوو. زۆری بێ ڕێزی پێ دەکردم، ڕۆژانە بەشم جنێو و سووکایەتی و لێدان بوو، ناچار لای براکانم سکاڵام کرد و داوام کرد جیا ببمەوە**

**ئەو ڕۆژانە تەواو بوون کە باجی کۆمەڵگە و کەسوکار و هاوسەری خراپ بدەم، ئێستا بۆ خۆم و منداڵەکانم دەژیم و جگە لە دروومان، لە نەخۆشخانەیەکی ئەهلیش کاردەکەم**

## جیاوازیی رەگەزی پێشێلکاری لێ دەکەوێتەوە

# داوای پاراستنی شکۆی تاک دەکرێت



ڕێککەوتننامەی نەهێشتنی سەرجەم شێوازەکانی جیاکاری دژ بە ئافرەتان (سیداو)، بەپێی بڕیاری کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ژمارە (١٨٠/٣٤) لە ٣ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٨١ دەستی بە کارەکانی کرد. لەم ڕێککەوتننامەیەدا ئاماژە بە باوەڕبوون بە مافە بنەڕەتییەکانی مرۆڤ و بە شکۆمەندی و توانای تاك و یەکسانیی پیاو و ئافرەت لە مافەکاندا کراوە. هاوکات جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ جەخت لەسەر پرەنسیپی جیاکاری نەکردن دەکاتەوە و جاڕی ئەوە دەدات کە هەموو خەڵك بە ئازادی لە دایك دەبن و یەکسانن لە شکۆمەندی و ماف، بەڵام ئەمینداری گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان نیگەرانە لەوەی سەرەڕای ئەو بەڵگەنامە جیاوازانە جیاکارییەکی چوارچێوە فراوان لە دژی ئافرەتان هەیە، هەروەها ئاماژە دەدات بەوەی جیاکاری رەگەزی پێشێلکاری لێ دەکەوێتەوە، بەتایبەتی لە دژی ئافرەت، ئەوەش لە دژی بۆ هەر دوو پرەنسیپی یەکسانی لە مافەکان و ڕێزگرتن لە شکۆمەندیی مرۆڤە، هەر ئەو جیاکارییە رەگەزییە کۆسپی گەورە لە بەرامبەر بەشداریکردنی ئافرەت دروست دەکات بۆ ئەوەی نەتوانێت بە یەکسانی لەگەڵ پیاو لە گشت جومگەکانی کۆمەڵگە بەشداری بکات. لە سەرانسەری جیهاندا زۆرێك لە ئافرەتان لە نێوان چەوساندنەوە و بازرگانی پێکردندا مۆرکی مرۆڤبوون و شکۆمەندییان لێ داماڵدراوە، ئافرەت بە کاڵا دەکرێت و خودی کەسایەتی و توانای ئافرەت لەبەرچاو ناگیردرێت، بەشداربووانی ئەم راپۆرتەی گوڵان خوێندنەوەی زیاتریان بۆ بابەتەکە هەیە.

گوڵان: کۆمەڵایەتی

پرۆفیسۆری یاریدەدەر د. نەزاکەت حوسێن، سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە «پێگەو مەکانەتی هەر تاکێك، یان رەگەزێك لە کۆمەڵگەدا و تێڕوانین بۆی دەکەوێتە سەر ئەو رۆئیایەی کە کۆمەڵگە هەیەتی بۆی، واتە چۆن دەڕوانێتەوە ئەو کەسە لە ئایدیای ئەودا کە ئەرك و مافی چییە. ئایدیا و رۆئیا و نیگای تاك بەرامبەر بە ئافرەت تا ئێستاش لە هەموو ئاستەکاندا بەتایبەتی لە رووی پەروەردەیی و سیاسی و ئیداری و ئابوورییەوە باش نییە. واتە وا لە ئافرەت ناڕواندرێت کە توانای هەبێت وەك پیاو لەو پێگە و جێگەیانەدا سەرکەوتوو بێت. زیاتر تێڕوانینێکی جنسی بۆ ئافرەت هەیە و رۆڵەکانی لە چوارچێوەی ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانی نادیدە دەگرن. هەر بۆیە ئافرەت لە کۆمەڵگەی دواکەوتوودا زیاتر وەك راسپێردراوی ئەرکێکی کۆمەڵایەتی مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت و لە جیهانی سەرمایە و بازاڕیشدا کراوەتە بابەتێکی بازرگانی و ریکلام و بەکاڵاکردن، هەرچەندە ئەمەیان دیاردەیەکی جیهانی سەرمایەدارییە بە تەنیا وابەستە نییە بە کوردستانەوە.» هاوکات دەڵێت: «هۆکاری نەپاراستنی کەرامەتی ئافرەت لە کوردستاندا دەگەڕێتەوە بۆ جۆری پەروەردە و کولتوور و خراپ تێگەیشتن لە ئایین و بە هەڵە راڤەکردنی ئایەت و فەرموودەکانی تایبەت بە ئافرەتان و پێگەکەی. لەبەر ئەوەی پیاوسالاری تەنیا لە جیهانە کۆمەڵایەتییەکەدا دەستی نەبووە، بەڵکو لە شیکردنەوە و راڤەکردنی بابەتە ئایینییەکانیشدا زاڵ بووە و بە بیرکردنەوەیەکی پیاوانە راڤەیان کردووە. بۆ چارەسەری ئەمەش، دەبێت بگەڕێینەوە بۆ سیستمی پەروەردەمان و رۆڵی ئافرەت سەرلەنوێ پێناسە بکەینەوە.

سیستمی حوکمڕانی دەسەڵاتێکی بەهێزە و دەتوانێت لە ئاستە باڵاکاندا کار و ئەرك و بەرپرسایەتی بە ئافرەت بدات، تاوەکو بە کۆمەڵگە بڵێت، ئەوەتا ئافرەت دەتوانێت وەك پیاو لە کاری ئیداری و بەڕێوەبەریدا رۆڵی هەبێت. هەروەها میدیا ئامرازێکی کاریگەرە بۆ ئەوەی بەها بدات بە پێگەی ئافرەت و لەوێوە دەتوانین پێناسەیەکی باشتر بۆ پێگە و کەرامەتی ئافرەت بکەین. لەئەمانەش گرنگتر سەربەخۆیی ئابوورییە بۆ ئافرەت و پشتیوانیی سیستمی حوکمڕانییە لە ئافرەت بە یاسا و پشتیگیریی ماددی و مەعنەوی و سەربەخۆیی ئابووری وا لە ئافرەت دەکات، زیاتر باوەڕی بە خۆی هەبێت و لە پیناو دەستکەوتێکی ژیاندا کەرامەتی نەڕووشێندرێت.»

ئاواز شێرزاد بەرپرسی ناوەندی سیدەکان-ی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، ئاماژە بەوە دەکات کە هەر لە سەرەتای دروستبوونی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و بە درێژایی مێژوو تاکو ئێستاش جیاوازیی رەگەزی بەپێی سرووشتی کۆمەڵگە و جوگرافیای ژیان، بەشێکی دانەبڕاوی ئەو کۆمەڵگەیە بووە، هەموو ئەو جیاوازییانەش هۆکار بوون بۆ نەچەسپاندنی مافەکانی ئافرەت لە ناو کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتی بەگشتی و کۆمەڵگەی کوردی بەتایبەتی. لە کۆمەڵگەی ئێمە زۆرجار ئافرەت وەکو ئامرازێك بە کار هاتووە و لە بری ئافرەتێکی دی و لە بری پارە و خوێن بە کەسێك دراوە، یان بە وەرگرتنی شیربایی بازرگانییان پێوە کردووە. لەلایەکی دیکەوە چەوساندنەوەی ئافرەت لە بێدەنگکردنیەوە دەست پێ دەکات، بێدەنگ بە، قسە مەکە، دەمدرێژی مەکە، بەو وشەگەلە وایان لە ئافرەت گەیاندووە کە بەشێکی کەم و دابڕاوی کۆمەڵگەیە. خۆشبەختانە ئێستا لە کوردستان ئافرەت زیاتر هەلی بۆ رەخساوە تا بتوانێت بەشداری کایەی سیاسی و کۆمەڵایەتی بکات و پۆستی ئیداری وەربگرێت و بتوانێت کۆتایی بە هەموو ئەو ناحەقییانەی مێژوو بهێنێت کە بۆ ئافرەتی فەراهەم کردووە.»

رەحمان عەلی ماستەر لە کۆمەڵناسی، باسی ئەوە دەکات کە «لە ئەزەلەوە کاتێك دایك توندوتیژی بەرامبەر کراوە، هەوڵی داوە بە هەموو شێوەیەك مێردەکەی رازی بکات، لە داهاتووشدا کوڕەکەی هەمان کاری باوکی دووبارە دەکاتەوە، کچەکەشی کە گەورە بوو و ژیانی هاوسەریی پێکهێنا، هاوشێوەی دایکی ئەوە قبووڵ دەکات و بەلایەوە ئاسایی دەبێت، بۆیە پێویستە لە خێزانەوە دەست بە چاکسازی بکەین و ئەندامانی خێزان فێری رێزگرتنی بەرامبەر بکەین و دەبێت مامەڵەی تاکەکان لەسەر بنەمای مرۆڤ بێت، نەك رەگەز. کێشەی ئافرەت زۆر لەوە زیاترە کە کۆمەڵگە هەستی پێ دەکات، رەنگە چەندین ئافرەت کوژرابن و کەسیش پێی نەزانیبێ، تەنانەت راگەیاندنیش رۆڵێکی باشی نەبووە، زۆرجار شتەکان بە دیوە ناشیرینەکەی نیشانی بینەر دەدەن. بۆیە پێویستە بگەڕێینەوە بۆ کارکردن لەسەر کولتووری پێکەوە ژیان و و کولتووری رێزگرتن لە یەکتر، پێویستە منداڵەکانمان فێری ئەوە بکەین کە رەگەز و رەنگ و ئایین رێگر نەبێ لە مامەڵەکردنی جوان لەگەڵ یەکتر، هەروەها لە مینبەری مزگەوتەکانیش پێویستە ئاماژە بەوە بکرێت کە رێزگرتنی تاك دەبێت لەسەر بنەمای مرۆڤبوون بێت، نەك رەگەز و پێویستە شکۆی ئافرەت پارێزراو بێت.

**ئایدیا و رۆئیا و نیگای تاك بەرامبەر بە ئافرەت تا ئێستاش لە هەموو ئاستەکاندا بەتایبەتی لە رووی پەروەردەیی و سیاسی و ئیداری و ئابوورییەوە باش نییە**

**زیاتر تێڕوانینێکی جنسی بۆ ئافرەت هەیە و رۆڵەکانی لە چوارچێوەی ئەرکە کۆمەڵایەتییەکانی نادیدە دەگرن**

**پیاوسالاری تەنیا لە جیهانە کۆمەڵایەتییەکەدا دەستی نەبووە، بەڵکو لە شیکردنەوە و راڤەکردنی بابەتە ئایینییەکانیشدا زاڵ بووە و بە بیرکردنەوەیەکی پیاوانە راڤەیان کردووە**

**دەبێت لە هەموو ئاستەکانی خوێندن تا زانکۆ کار لەسەر ئەوە بکرێت کە بایەخ و گرنگیی زیاتر بە پێگەی ئافرەت بکرێت**